

ئەلیف قایا سەرۆکی (NCM) لەئیستانبوڵ گوڵان:

# بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئاماژەیەکە بۆ لەبارچوونی بانگەشەکانی تورکیا لەسەر کەرکووک

## سەربەخۆیی بۆ کوردان فەنتازیا و خەیاڵ نییە

**چەند رۆژێک لەمەوبەر عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەپرێس کۆنفرانسێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان بەتوندی دژایەتی دابەشبوونی عێراق دەکەن و لەئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیش لەناوچەکە ئەوان بێدەنگ و دەستەوەستان نابن. هەروەک گوتیشی: "تورکیا داوای پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق دەکات و دەخوازێ سەقامگیری سیاسیی بۆ عێراق بگەڕێتەوە و دەسەڵات و توانای بڕیاردانیش لەدەستی حکوومەتی ناوەندیی بەغدا بێت". پەیوەست بەم داخویانییەی عەبدوڵڵا گول ڕەخنەگر و چالاکگەریی ژنان و بەرپرسی گشتی ناوەندی کولتووریی (NCM) لەئیستانبوڵ خاتوو ئەلیف قایا بەمشێوەیە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

لەراستیدا کاتێک مرۆڤ سەرنج دەداتە سیاسەتی تورکیا، باشتر پەی بەخراپییەکانی سیستمی دەوڵەتگەرایی وڵاتەکە دەکا. بێگومان، هۆکاری هەڵەشەیی و ڕەزیلی کاربەدەست و سیاسەتمەدارانی تورکیا بوونی سیستمی ستاتۆگەرایی کەمالیستە. ئەو سیستمەی کە هیچ کاتێک لەسەر بنەمای هاوڵاتی دەستووریی و یەکسانی نێوان گەلی کورد و تورک دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر ئینکارکردنی مافەکانی گەلی کورد فۆرمیلە بووە. ئەرکی عەبدوڵڵا گول-یش ئەوەیە کە خاوەنداری لەو سیستمە بکەن و بیپارێزن. بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ بەدرێژی باسی هێرشەکانی تورکیا بکات. لەبەرئەوەی ئەوان تائێستاش هەمان رۆڵی دەسپێکی دامەزراندنی کۆماری تورکیا دەبینن. بەڵام مرۆڤ لەبەرامبەر سیاسەتمەدارانی وەکو گول چی بڵێت؟

کاتێک گوێبیستی ئاخاوتنەکانی گول بووین، باشتر لەو غەزەبە گەیشتین کە کەوتۆتە سەر گەلی تورک. گول وەک کەسێک کە لەسەر گۆی زەوی نەژیابێت دەڵێ: "دابەشبوونی عێراق دەبێتە هۆی شەڕێکی بێکۆتایی لەناوچەکە". ناوبراو بەهەر شێوەیەک بۆچوونەکانی دەربڕێ ئەوا کورد باش درک بەئاخاوتنەکانی ئەو دەکات، کاتێک گوتی: "ئەگەر کوردان سەربەخۆیی خۆیان ئیعلان بکەن ئەوا لەنێوان ئێمە و ئەواندا شەڕێکی بێکۆتا دەست پێدەکات".

ئاخاوتنەکانی گول زۆر لەڕاستییەوە دوورن. پێویستە ئەوان ٢٠- ٣٠ ساڵ بینینەوە بیر خۆیان، کاتێک هەبوونی کوردان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە رەتدەکرایەوە و بەکوردیان دەگوت تورکی چیایی. ئێستاش دەڵێن کورد هەن و برای ئێمەن. هەرچەندە گول باسی لەهەقیقەتی هەرێمی فیدراڵی کوردستان کرد و گوتی: "لەباکووری عێراق، جگە لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، قەوارەیەک هەیە، بەڵام ئەو قەوارەیە بەو مانایە نایەت کە سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن". دیسان کە مرۆڤ تەماشای رەوشی سیاسیی تورکیا دەکات، دەبینێت کە ئەگەر بەدڵی ئەوانیش نەبێت ئەوا هەنگاو بەهەنگاو بەرەو بەفەرمی ناسینی ئیدارەی کوردستان دەچن. عەبدوڵڵا گول چاوی خۆی لەبەرامبەر راستییەکان دادەخات و ڕەوشی عێراق بەئەقڵێکی مۆدێرن و ئۆبژێکتیڤانە هەڵناسەنگێنێت. ئەو بەچاوی خۆی دەبینێت کە لەعێراق چی دەقەومێت و هەرێمی کوردستانیش لەنێو چ رەوشێکدایە، تەنانەت ئەگەر هێندەی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش نەبێت ئەوا لەکەرکووک نیمچە ئارامییەک هەیە. بەڵام مخابن کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر باسی کورد و کوردستان ئەوان چاوی خۆیان لەبەرامبەر ڕاستییەکان دەنوقێنن. لەبەرئەوە وڵاتێک کە خاوەن سیستمێکی دیموکراتی نەبێت ئەوا بەگوێرەی مەرج و پێوانەکانی ئەمڕۆدا ناتوانێ دیپلۆماسییەتێکی سەرکەتوو بەڕێوەببات، لەم ڕووەوە تورکیا نموونەیەکی بەرچاوە. بۆیەش نە لەیەکێتی ئەورووپا، نە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نە لەرۆژهەڵاتی ناوین گرانایییەکی ئەوتۆی نەماوە.

پاش داد و هاواری بەرپرس و سیاسەتمەدارانی تورکیا دەربارەی پرسی کەرکووک و هەرێمی فیدراڵی کوردستان، لەچەند ڕۆژی ڕابردوو کۆبوونەوەی کۆنسەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئەنجامدرا. لەو کۆبوونەوەیەدا لەبەرامبەر پرسی کەرکووک و هەرێمی کوردستان ڕێگەچارەی دیپلۆماسیی بەبنەما وەرگیرا. بەبۆچوونی من ئەو بڕیارەی کە لەو کۆبوونەوەیە دەرکەوت، ئاماژەیەکە بۆ پووکانەوەو لەبارچوونی بانگەشەکانی تورکیا لەسەر کەرکووک... من دەڵێم، با هەموو سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک باش بزانن کە دۆزی گەلی کورد دۆزێکی ڕەوایە، ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچووە هیچ هێزێک بتوانێ تێکۆشانی گەلی کورد لەبار ببات. ئەمڕۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەبێ وەستان کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. هەروەها تێکۆشان و خەباتی کوردەکانی تورکیاش لەسەر بنەماگەی نەتەوەیی تادێت بەهێزتر دەبێ. لەو نێوانەشدا ئەو شتەی کە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی تورکیا بەفەرمی ناسینی مافەکانی گەلی کوردە. دیسانەوە با هەموو سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک باش بزانن تەنانەت سەربەخۆیش مافێکی شەرعی کوردانەو، هەروەک سەرۆک بارزانی گوتەنی: "سەربەخۆیی بۆ کوردان فەنتازیا و خەیاڵ نییە".

## چاوبازی سیاسیی نێوان ئێران و ئەمریکا

**ئەوکاتەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی سەردانی ئێرانی کرد و نەیتوانی هیچ وەڵامێکی ئەرێنی لەلایەن ڕژێمی ئەو وڵاتە وەربگرێت. ئەمجارە گرانایی سەرنجەکانی ڕای گشتی کەوتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران. داخۆ ئێران لەبەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چی دەکات و هەڵوێستی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو چ ئاقارێک ئاراستەگیر دەبێت. لەبارەی ئەو شیمانە گرنگە خانمی قایا بەمشێوەیە سەرنجەکانی خستەڕوو:**

بێگومان بەمشێوەیە پەڵپ و بیانووەکانی دەست ئەمریکا بەهێزتر بوون و ئەسپی خۆی زۆر ئاسانتر دەبەزێنێ، هەوڵ دەدات کۆماری ئیسلامی ئێران پتر لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گۆشەگیر بکات. لەدەزگاکانی چاپەمەنی دنیا زیاتر لەجاران نیشان دەدەن کە هەم لەلایەن ئەمریکا و هەم لەلایەن ئیسرائیل و هەم لەلایەن ناتۆشدا ئامادەکاری دەستێوەردانی ئێران بەهێزتر دەبێت. بۆیە زۆرجار ئەو چارەنووسەی بەسەر ڕژێمی سەددام هات بەبیری مرۆڤ دێتەوە.

گومانێکی زۆر هەیە کە دوای گەڕانەوەی عەبدوڵڵا گول لەئەمریکا و سەردانە ڕاستەوخۆکەشی بۆ ئەفغانستان و پاکستان بەو ڕەوشەوە گرێدرابێت. تەنانەت هەمان گومان لەسەر سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، بۆیە دەبێت کە ئەمریکا پەیوەست بەم مژارە مسیۆن و ئیمتیازاتێکی بەتورکیا دابێت. هەڵبەت دەبێت کە لەبەرامبەر ئەو کارەدا ئەمریکاش هەندێک بەڵێنی لەدژی پەکەکە دابێتە تورکیا. بەتایبەت لەو کاتە هەستیارەدا سەردانە لەناکاوەکەی عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرەک وەزیرانی عێراق بۆ تورکیا شتێکی سەرنجڕاکێش و مایەی تێڕامانە.

لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتی ئێرانیش کەوتۆتە نێو جموجۆڵی سیاسیی و هەوڵگەلێکی دیپلۆماسییەوە. تەنانەت لەبواری ڕاگەیاندنیشدا بەتایبەت مەحمودی ئەحمەد نەژاد درێژە بەلێدوانە تیژ و هەڕەشەئامێزەکانی دەدات. هەورەها بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا دەکاتە میوانی خۆی. وەک دەزاندرێت هەردوو وڵاتەکەش لەمیحوەری خراپەکاری و دەمی لوولەی تفەنگی ئەمریکادانە.

بۆئەوەی هاوپەیمانێتی خۆیی و تورکیا لەدەست نەدات و بۆ زیاتر ڕاکێشانی بەرژەوەندییەکانی بەلای خۆیەوە تورکیا لەگەمە سیاسییەکانی بەردەوامە. بەمشێوەیەش ئەمریکا بەتەنیا نەوەستا بەڵکو بۆ ئەوەی دڵی دەوڵەتی تورکیا خۆش بکات و متمانەی ئەوان بۆخۆی بەهێزتر بکات زیاتر هاوکاری لۆجستی تورکیا دەکات. بەڵام بەداخەوە ڕژێمەکانی ئێران و سوریا و تورکیا بەدرێژەدانی سیاسەتە ناڕاستەکانیان لەسەر کوردان دواجار خۆیان دەخەنە نێو مەترسی و موغامەرەیەکی گەورەوە، ئەوان نەک بەتەنیا زیان بەگەلی کورد و تورک و فارس و عەرەب دەگەیەنن بەڵکو هیچ خێرێکیشی بۆ دەوڵەتی ئەوان تێدا نییە، بەڵکو بەو سیاسەتە خوێنڕێژە زوو بێت یان درەنگ قەوارە سیاسییەکەی ئەوانیش لەبار دەبات.

هەڵبەت هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارە دیار نییە داخۆ ئەمریکا و تورکیا لەسەر لێدانی ئێران گەیشتوونەتە ئاکامێک یان نا؟ دیارە بۆ ئەم پرسە سێ گومانی سەرەکیی هەیە:

**یەکەم:** دەبێت کە هەردوولا ڕێککەوتبن و ئەو ناکۆکییانەی بەرچاوانیش گەمەی سیاسیی بن. بەڵام ئەمە گومانێکی تاڕادەیەک لاوازە. لەبەرئەوەی ئێستا ناکۆکییەکانی نێوانیان زۆر قوڵ بۆتەوەو زۆر متمانەیان بەیەکتر نەماوە. بەڵام ئەو ئەگەرە چەندە لاوازیش بێت، ئەگەر ئەو گومانە ڕاست دەربچێت ئەوا بۆ کوردان مەترسیدارترین هەنگاو دەبێت. بەڵام بۆئەوەی گومانەکە ڕاست دەربچێت ئەوا دەبێت تورکیا تەواوی مەرج و داخوازییەکانی ئەمریکا قەبووڵ بکات و لەگەڵ ئەمریکا پێکەوە هێرش بکەنە سەر ئێران.

**دووەم:** دەبێت کە دیسانەوە لەسەر ئەو پرسە وتوێژیان کردبێت و پرسەکان بەهەڵواسراوی مابنەوە.

**سێیەم:** دەبێت کە لەسەر هەندێک مەسەلە کۆک بووبن و هەردوولا بەئاکامی دانیشتنەکان ڕازی ببن. وەکو نموونەش هێرشەکانی ئەمدواییەی سەر ئۆفیس و بنکەکانی پەکەکە لەوڵاتانی ئەورووپا مرۆڤ دەخەنە گومانەوە. تەنانەت هەواڵی وا هەیە کە داخستنی کەناڵی ڕۆژ تیڤی-یش خرابێتە ڕۆژەڤەوە، کە پێموایە ئەم گومانەی دوایییان لەهەمووی بەهێزترە.

لەڕاستیدا پێویستە کورد بۆ هەموو ئەو گومانانە تیژبین و ئامادە بێت... دواجاریش پێویستە بڵێم، ئەگەر دەوڵەتی ئێران لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆی وەک پاشناوی ئەحمەدی نەژادی نەژادپەرست بەردەوام بێت ئەوا وڵاتەکەی زیاتر لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرکەنار دەکات و لەئاکامیشدا لەبەریەکهەڵدەوەشێتەوە، کە پێموایە ڕووخانی ئێران لەهەموویان کارەساتئامێز و ترسناکتر دەبێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

هەواڵی وا هەیە کە داخستنی کەناڵی ڕۆژ تیڤی-یش خرابێتە ڕۆژەڤەوە، کە پێموایە ئەم گومانەی دوایییان لەهەمووی بەهێزترە

